# سیخوڕی (Hacking)

باران - سوید

٢٠٠٣

baran@zkurd.org

• کاری سیخوڕی (Hacking) چییە؟
• سیخوڕەکان کێن؟
• ئەو شتانە چین کە یارمەتییان ئەدا بۆ دەستبەسەراگرتنی ئامێرەکەت؟
• سیخوڕ چۆن دەچێتەناو ئامێرەکەت؟
• سیخوڕ چۆن ئەتوانێ بچێتەناو ئامێری کۆمپیوتەرەوە؟
• ژمارەی IP ئەدرەس چییە؟
• ئامێرەکەت چۆن تووشی پەرگەی سیخوڕی و ڤایرۆس دەبێ؟
• سیخوڕ چۆن ئەو ئامێرەهەڵدەبژێرێ کەدەیەوێ دەستی بەسەرا بگرێت؟
• ناسراوترین بەرنامەیاریدەدەرەکان بە کاری سیخوڕی کامانەن؟
• چۆن دەزانیت ئامێرەکەت تووشی دەستبەسەراگرتن بووە یان نا؟
• گرنگترین ئەو کارانەچین کەپێویستەئەنجام بدرێن بۆ بەرگریکردن لەسیخوڕ؟
• مەرامەکانی سیخوڕی چییە؟
• ناسراوترین رێگا چییە بۆ ئاشکراکردنی پەرگە(file) ی سیخوڕ ی؟

## • کاری سیخوڕی (Hacking) چییە؟

Hacking وشە ئینگلیزییەکەیە و بەکوردی واتەکاری سیخوڕی، یاخود دەستبەسەراگرتن. کاتێک کەسانی ڕێپێنەدراو هەڵئەسێت بەکردنەوەو چوونەژوورەوەی ڕژێمی کارپێکردنی ئامێرەکەت بە ڕێگای نایاسایی و بەمەبەستی کاری خراپی وەک سیخوڕی و دزین و تێکدان، ڕێ دەکەوێ بۆ کەسی سیخوڕ هەستێ بەگواستنەوە یان سڕینەوەو زیادکردنی پەرگە(file) و بەرنامە، هەروەک چۆن دەتوانێ بڕیاردەربێ لەڕژێمی کارپێکردنەکەدا و هەستێ بەدەرکردنی فەرمانی وەک لەبەرگرتنەوە(کۆپیکردن) و وێنەگرتن و پاشەکەوتکردن.

## • سیخوڕەکان کێن؟

ئەو کەسانەن کەدەست بەسەر ئامێرەکەتدا دەگرن ودەتوانن هەموو پەرگەکانی ناوی ببینن یان بیدزن و ئامێرەکەش تێک بدەن. بەو شێوەیە ئەبنەسیخوڕ (جاسووس) و دەتوانن هەرچییەک تۆ دەیکەی لەڕێی ئینتەرنێتەوە ببینن.

## • ئەو شتانە چین کە یارمەتییان ئەدا بۆ دەستبەسەرا گرتنی ئامێرەکەت؟

١. بوونی فایلی سیخوڕی Trojan
سیخوڕ ناتوانێت دەست بەسەر ئامێرەکەتا بگرێ ئەگەر پەرگەی سیخوڕی لە کۆمپیوتەرەکەتدا نەبێ بۆ نموونە پەرگەی ترۆجان. ئەو پەرگانە یارمەتیی سیخوڕ دەدەن بە هۆیانەوە بچنە ناو کۆمپیوتەرەکەت، کاتێک سیخوڕ یەکێک لە بەرنامەکانی سیخوڕی بە کار دەهێنێ کە ئەبەسترێتەوە بە فایلەکەوە کە وەک riciver کار دەکا، ئەتوانێت بە هۆیەوەوسیخوڕ (ناوی بەکارهاتوو) و (وشەی نهێنی تێپەڕبوون) دابنێ تەنیا خۆی بتوانێ بچێتە ناو کۆمپیوتەرەکەت و، دەشتوانێ ئامێرەکەبەکراوەیی بەجێ بێڵێت بەجۆرێک هەر سیخوڕێکی تر بتوانێ بچێتە ناوی!

٢. پەیوەندی بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە سیخوڕ ناتوانێت بچێتەناو هەر ئامێرێک ئەگەر تۆڕیئینتەرنێتی پێوەنەبەسترابێت. واتە

ئەگەر کۆمپیوتەرەکەت پەیوەندی بەتۆڕی ئینتەرنێت یان هەر تۆڕێکی ترەوە نەبوو، مەحاڵە جگە لە خۆت کەسێکی تر بتوانێ بچێتە ناوی. لەبەر ئەوەهەرکاتێک هەستت کرد سیخوڕ چۆتەناو ئامێرەکەت، خێرا بکەلەپچڕینی پەیوەندیی ئامێرەکەت بەتۆڕی ئینتەرنێتەوە، تا بتوانی ڕێ لەبڵاوبوونەوەو دەستبەسەرداگرتنی تەواوی سیخوڕ بگری لەئامێرەکەتدا.

٣. بەرنامەی یاریدەدەر بەکاری سیخوڕی سیخوڕی ئاسایی پێویستی بەبەرنامەی یاریدەدەر هەیەبۆ دەست بەسەراگرتن.

ناسراوترینیان ئەمانەن:

- Web Cracker 4
- Net Buster




- NetBus Haxporg
- Net Bus 1.7
- Girl Friend
- BusScong
- BO Client and Server
- Hackers Utility

## • سیخوڕ چۆن دەچێتەناو ئامێرەکەت؟

کاتێک ئامێری کۆمپیوتەرەکەت تووشی پەرگەی سیخوڕی دەبێت ڕاستەوخۆ هەڵدەسن بەکردنەوەی (port) یان پەنجەرەیەکی ناوئامێرەکەت، بەوشێوەیەش

هەرکەسێک بەرنامەی سیخوڕی هەبێت ئەتوانێت بچێتەناو ئامێرەکەت لە ڕێی ئەو پەرگانەوەکەهەڵدەسێ بەکردنەوەی ئەو جێیانەی لەپەنجەرە نهێنییەکان دەچن کەلەڕێیانەوەسیخوڕ دەچێتەژوور.

## • سیخوڕ چۆن دەتوانێ بچێتەناو ئامێری کۆمپیوتەرەوە؟

سیخوڕ ناتوانێت دەست بەسەر ئامێری کۆمپیوتەردا بگرێت ئەگەر ئەم مەرجانەی نەبێت:

١. دەبێت کۆمپیوتەرەکەهەڵگری پەرگەی سیخوڕی بێت.

٢. دەبێت سیخوڕ ژمارەی ئای پی ئەدرەسی تایبەتیی ئەو کەسە بزانێت.

لەگەڵ بوونی چەند مەرجێکی تری وەک پەیوەندیبوونی کۆمپیوتەرەکەبەتۆڕی ئینتەرنێتەوە و زانینی سیخوڕ لە چۆنێتی بەکارهێنانی بەرنامەی سیخوڕی بۆ دەستبەسەراگرتن .

بەمانایەکی تر ئەگەر ئامێری کۆمپیوتەرەکەهەڵگری پەرگەی سیخوڕی نەبوو، سیخوڕ ناتوانێت بچێتەناوی ئەگەر ژمارەی ئای پی ئەدرەسیش بزانێت، وەبە پێچەوانەشەوەمەحاڵە سیخوڕی ئاسایی بتوانێ بچێتەناو ئامێرێک ئەگەر ژمارەی ئای پی ئەدرەس نەزانێت،

تەنانەت ئەگەر کۆمپیوتەرەکەهەڵگری پەرگەی سیخوڕیش بێت. (جگەلەکەسانی باوەڕپێکراو لەم کارەیا،

تەنیا لەتوانای ئەواندایەبچنەناو هەر ئامێرێک لەگەڵ بوونی هەر بەرگرێک ڕێگای نهێنییان هەیەبۆ پەی بردن بەیاسا جیاوازەکان!)

## • ژمارەی ئای پی ئەدرەس چییە؟

ناونیشانیتایبەتییەبەهەمووبەکارهێنەرێکی تۆڕی ئینتەرنێت، ئەو ژمارە یەیەکەشوێنی کۆمپیوتەرەکەی لێوەدەزانرێت کاتی بەکاربردنی تۆڕی ئینتەرنێت،

ژمارەکەلەچوار بەش پێک دێت، هەربەشێکی ناونیشانێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکا، بەشی یەکەمی ژمارەکە ناونیشانی وڵاتەکەو بەشی دووەم ناونیشانی کۆمپانیای دابەشکردنەکە و بەشی سێیەم دامەزراوی بەکارهێنراو و بەشی چوارەم بەکارهێنراوەکەخۆی.

ژمارەی ئای پی ژمارەیکی جێگیر نیە و لەگەڵ هەر چونەژوورەوەیەکی ئینتەرنێت دەگۆڕێت.

بۆ نموونەئەگەر تۆ چویتەناو ئینتەرنێت و سەیری ژمارەی ئای پی یەکەت کرد ئەم ژمارەیە بوو :

٦٣,٢٠٩,٣,١٠٢

پاشان پەیوەندیت لەگەڵ ئینتەرنێت پچڕاند و دوای چەند خولەکێک چویتەوەناوی، دەبینیت ژمارەکەگۆڕاوە.

بۆ نمونەبەم شێوەیە:

٦٣,٢٠٩,٣,١٢٢

سەرنجی گۆڕان بدەلەژمارەکانی کۆتایدا، ژمارە١٠٢ گۆڕاوە بەژمارە ١٢٢ .

لەبەر ئەوەئامۆژگاری دەکرێین بەبەکارنەهێنانی بەرنامەی قسەکردنی وەک (ICQ) لەبەرئەوەی هەڵدەسێ بەنیشاندانی ژمارەی ئای پی بەشێوەیەکی هەمیشەیی، تەنانەت لەگەڵ شاردنەوەشی سیخوڕ دەتوانێ بەکارییبێنێ بۆ چوونە ناو ئامێری کەسی داواکراو، لەگەڵ بوونی پەرگەی سیخوڕی لە کۆمپیوتەرەکەدا.

**• ئامێرەکەت چۆن تووشی پەرگەی سیخوری و ڤایرۆس دەبێ؟**

ڕێگای یەکەم:

کاتێک پەرگەیەکی سیخوریت پێبگا لەلایەن کەسێکەوە لە ڕێی قسەکردن یان (Chat)ەوە، بەوەی وێنەیەک یان پەرگە یەکت بۆ بنێری کەهەڵگری ترۆجان بی! ئەبێ بزانین کەسیخور ئەتوانێت ئەو وێنەیەیاخود ئەو پەرگە یەوا لێکات کەتەنها بەرنامەی ئاشکرا کردنی فایلی سیخوری و ڤایرۆس بتوانێ پشانیبدات کەئەو پەرگەیەیاخود ئەو وێنەیە هەڵگری ڤایرۆسە!

ڕێگای دووەم:

کاتێک نامەیەکی ئەلکترۆنیت پێ دەگات و نازانیت سەرچاوەکەی لەکوێوەیە و لەلایەن کێ وەهاتووە،

هەڵدەسیت بەدابەزاندنی پەرگەکەی ناوی، ئەکرێ ئەو پەرگەیەپەرگەی سیخوری یان هەڵگری ڤایرۆس بێت و وا لەئامێرەکەت بکا هەر سیخورێ بتوانێ بەئاسانی بچێتە ناوی!

ڕێگای سێیەم:

لە ڕێی دابەزاندنی بەرنامەو پەرگەلەسایتی گومان لێکراوەوە، یان لەو سایتانەوەکەیاریدەدەرن بۆ فێربوونی کاری سیخوری!

ڕێگای چوارەم:

لەڕێی چوونەناو سایتی گومان لێکراو، وەک سایتە جنسییەکان، کەتەنها بە کردنەوەی سایتەکە، پەرگەی سیخوری دادەبەزێتەسەر کۆمپیوتەرەکەت بەهۆی کوکیزەوەلەبارەیەوەنازانیت! خاوەنی ئەو سایتانە هەڵئەسن بەداو نانەوەلەلاپەرەی سایتەکانیان کە بەتەنها سەردانی لاپەرەکە پەرگەڤایرۆساوییەکان دادەبەزن!

**• سیخور چۆن ئەو ئامێرە هەڵئەبژێرێ کە ئەیەوێ دەستی بەسەرا بگرێ؟**

بەشێوەیەکی گشتی سیخوری ئاسایی ناتوانێت خودی ئەو کۆمپیوتەرە هەڵبژێرێت کە ئەیەوێت، ئەگەر ژمارەی ئای پی ئەدرەسەکەی نەزانی وەک پێشتر بسمانکرد سیخور ژمارەی ئای پی دەکاتە ناو بەرنامەی سیخوریەکەو پاشان فەرمانی چونەناو ئامێرەکەئەدات!

سیخورەکان زیاتر بەرنامەی (IP Scan) یان بەرنامەی ئاشکراکەری ئای پی، بەکار




ئەهێنن بۆ دەستکەوتنی ژمارەی ئای پی تایبەت بەکەسی داواکراو!

کاتێک سیخور هەڵدەسێ بەکار پێکردنی بەرنامەکە، چەند ژمارەیەک دادەنێ... واتە٢ ژمارەی جیاواز دەنوسێت و داوا لەئامێرەکەدەکا لە نێوانیاندا بگەرێت بۆ ژمارە دروستەکەبۆ نموونەئەم ژمارانەدائەنێت:

٢٠٨,١٤٨,٢٨,٦٠

٢٠٨,١٤٨,٢٨,٩٠

سەرنجی کۆتایی ژمارەکان بدە٦٠ و ٩٠ پاشان بەرنامەکەچەند ژمارەیەکی دروستی ئای پی تایبەتی ئەداتێ کەکۆمپیوتەرەکانیان هەڵگری فایلی سیخوریین یا ترۆجانن و سیخور بتوانێ بچێتەناوی! بۆ نمونە ئەم ژمارانە:

٢٠٨,١٤٨,٢٨,٦٨

٢٠٨,١٤٨,٢٨,٧٢

٢٠٨,١٤٨,٢٨,٧٧

٢٠٨,١٤٨,٢٨,٨٨

**•ناسراوترین بەرنامەیاریدەدەرەکان بە کاری سیخوری کامانەن؟**

## Netbus1.70

لەبەناوبانگترین بەرنامەکانی سیخوری و دەستبەسەراگرتنە، باوترین بەرنامەیەلەنێوان بەکارهێنەرانی مایکرۆسۆفت چاتا و بەرنامەیەکەبە توانای جۆراوجۆری سیخوری و دەستبەسەراگرتن!

## SUB 7

بەرنامەیەکی بەتوانا و ناسراوە، دەتوانێ بڕیاردەر و ڕێکخەری سێرڤەر بێ تا چۆن بیەوێت کاربکات چ لەگۆڕینی شێوە وە یان چۆنێتی کارپێکردن، و توانای باشی هەیە لەبواری دەستبەسەراگرتندا بەبەرنامە!

## Hackers Utility

بەرنامەیەکی بەسوود و ترسناکەبۆ سیخوری، بەتایبەت بۆ سەرەتاییەکان و باوەرپێکراوەکانی ئەو بوارە، لەکاتێکا باشترین و زۆرترین توانای جۆراوجۆری بەرنامەی سیخوری دەگرێتەخۆ، و دەتوانرێ لەو ڕێگایەووەشە نهێنیەکان بشکێندرێ و کۆدەکان بکرێنەوە، و توانای گۆڕینی ناونیشانی سایتەکان بەژمارەی ئای پی و بە پێچەوانەشەوە، وەتوانای زۆر زیاتری تێدایەبە ناونیشانی باشی کەسیخور بەدوایا دەگەڕێ!

## Back Orifice

بەرنامەیەکی ئێجگار ناسراوە بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەی لەئامێری بەکارهێنەری ئینتەرنێتدا، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانی بچێتە ناو یەکێ لەو ئامێرانەوە

مەرجەکە ئامێرەکەی دەیەوێت تووشبووبێ بەهەمان ڤایرۆس!

## Deep Throat 2.0

ئەم بەرنامەیە هەڵئەسێت بە سرینەوەی پەرگەی (سیستري) و گۆڕینێ بە سێرڤەری تایبەت بەخۆی، ئەم بەرنامەیە ئەو باشییەی هەیەکە دەتوانی دەستبگرێ بەسەر ئەو شوێنانەی کە قوربانییەکە دەچێتە ناوی و هەڵئەسێ بەناردنی بۆ هەرشوێنێ کە حەزبکاو لەتوانای ئەو کەسەیا هەیە کەشاشەکەدابخا و بیکاتەوە، وەهەروەها بەکارهێنانی لەڕێگای بەرنامەی ئێف پی تی یەوە.

## Porter

بەرنامەیەکە(Scan) ئەکات لەسەر ژمارەی (IP) و (Pinger ports) بەرنامەیەکە(ping) ئەکات بۆی بزانێت قوربانی یان شوێنەکەپەیوەندی بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە هەیە یان نا..

## ultrascan-15.exe

خێراترین بەرنامەیەبۆ سکان کردن لەسەر ئامێری قوربانیەکەبۆ زانینی پەنجەرەکراوەکانی کەئەتوانرێ لێوەی بچیتەناو ئامێرەکەوە..

## Zip Cracker

لەرێی ئەم بەرنامەبچووکەوەئەتوانرێ وشەی نهێنیی پەرگەشاردراوەکان بشکێنرێ...

## Girl Friend

ئەم بەرنامەیە کەسێک هەستاوە بە دروستکردنی کەبەناوی (فاشل العام) ناسراوە، کاری سەرەکی و سامناکی دزینی وشەی نهێنی و وشەی تێپەربوونە، بە پاسۆردی نامەی ئەلکترۆنی و ناوی بەکارهاتوو، وشەی نهێنی چونە ناو ئینتەرنێتیشەوە!

### • چۆن ئەزانیت ئامێرەکەت تووشی دەستبەسەراگرتن بووە یان نا؟

لەسەرەتایا دەتوانین بزانین ئامێرەکەمان تووشی دەستبەسەراگرتن بووەیان نا بەهۆی ئەوگۆڕانانەی لە ڕژێمی کارپێکردنی کۆمپیوتەرەکەیا رووئەیا وەکو داخستن و کردنەوەی شاشەکەراستەوخۆ بێ فەرمان پێدان و بوونی فایلی نوێ و نەکراوەیان ونبوونی فایلی هەبوو لە ئامێرەکەدا، و کردنەوەی سایتی ئینتەرنێتی و فەرماندان بەپرینتەر و چەند دیاردەیەکی تر کەگومانت لادروست دەکات بە پەیبردنی سیخوربەئامێرەکەت.

بەم ڕێگایەش ئەتوانین دڵنیاببین لەوەی سیخوڕ چۆتە ناو ئامێرەکەیان نا.

Start —> Run —> System.ini بچۆ ئەمانەی خوارەوە:

star—>run—>win.ini

بگەڕێ بۆ ئەم یاسایانە:

run=xxx.exe یان run=xxx.dll

یان load=xxx.exe یان

load=xxx.ex

لەگەڵ تێبینی ئەوەی (xxx) ناوی کارکەر یا سێرڤەرەکەیە، وەئەگەر هەر قەبارەیەکت لێ بینییەوە هەستە بە لابردنی.

Start —> Run —> System.ini

بچۆرە دێری پێنجەم، ئەگەر بینیت دێرەکەبەم شێوەیە نوسراوە:

user. exe=user. exe

بزانەکەئامێرەکەت سیخوڕ پەی پێنەبردووە.

بەڵام ئەگەر دێری پێنجەمت بەم شێوەیە بینی:

*** *** user. exe=user. exe ***

بزانەکەئامێرەکەت سیخوڕ دەستی بەسەرداگرتووە!

### • گرنگترین ئەوکارانەچین کەپێویستە ئەنجامبدرێن بۆ بەرگریکردن لەسیخور؟

١. تازەترین بەرنامەی بەرگری دژی ڤایرۆس و سیخوری بەکار بێنەو ماوەماوەهەستەبەسرینەوەی تێکرای ئامێرەکەت، بەتایبەتی ئەگەر



ڕۆژانەئینتەرنێت بەکار دەهێنێت.

٢. مەچۆرە ناو سایتە گومانلێکراوەکانی وەک سایتی فێربوونی سیخوڕی و ئەو سایتانەی بەربەرەکانی ڕژێم ئەکەن و ئەوانەش کەفیلم و وێنەی گومانلێکراویان تێدا بەدی ئەکەی!

٣. نەکردنەوەی ئەو نامە ئەلکترۆنییانەی سەرچاوەکانیان نەزنراوە!

٤. وەرنەگرتنی وێنەو پەڕگەلەرێی چاتەوەلەلایەن ئەوکەسانەوەکەجێی متمانەت نین، بەتایبەتی ئەگەر درێژکراوەکەی بەم شێوەیەبوو (love.exe) وەیان لەوانەشە بەم شێوانەبن (love.pif.jpg) و هەڵگری پەڕگەی سیخوڕی بن!

٥. دانەنانی زانیاری گرنگی تایبەت بەخۆت وەک ژمارەی ژمێریاری بانک و پەڕگەی گرنگی تایبەتیت.

٦. دانانی ژمارەو وشەی نهێنی بۆ پەڕگەتایبەتەکانت.

٧. هەوڵبدەبەردەوام ماوەماوەوشەی نهێنی بگۆڕیت.

٨. هیچ پەڕگەو بەرنامەیەک دامەبەزێنە ئەگەر لە سەرچاوەکەی دڵنیا نەبوویت.

٩. دڵنیاببەلەوەی لەتۆڕی ئینتەرنێت چوویتەدەر دوای بەکارهێنان.

## • مەرامەکانی سیخوڕی چییە؟

هەندێک سیخور کاری سیخوڕی وەک هیوایەتێک دەکەن بۆ دەرخستنی توانا و بەربەرەکانیان، هەندێکی تریان هەڵدەسن بەم کارەبەمەبەستی جیاوازی وەک:

★ بەمەرامی دەستکەوتنی ماددەلەرێی دزینی زانیاری بانکەکان وەک ژمارەی ژمێریاری و هتد...

★ دەستکەوتنی زانیاری و وێنەی کەسایەتی بەمەبەستی هەڕەشەکردن...

★ دەستکەوتنی پەڕگەی جوانی وەک پاوەرپۆینت، دەنگ، وێنەو چەندیتر...

★ دەرخستنی توانای دەست بەسەراگرتن و بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان...

★بۆدزینی وشەی نهێنی پۆستەئەلکترۆنیەکان و سیخوڕی کردن بەسەر کەسی داواکراوەوە...

★دەستکەوتنی کۆدی نهێنی سایتە ناسراوەکان بەمەبەستی تێکدان و گۆڕانکاری تیایدا...

★ تۆڵە کردنەوەلەکەسێک بەتێکدان و دەست بەسەراگرتنی ئامێرەکەی...

## • ناسراوترین ڕێگاکانی ئاشکراکردنی سیخوڕی چین؟

ڕێگای ئاشکراکردنی پەڕگەسیخوڕیەکان زۆرن، لەوانە:

ڕێگای یەکەم: بەکارهێنانی بەرنامەی ئاشکراکردنی پەڕگەی ڤایرۆساوی و سیخوڕی لەبەناوبانگترین و باشترین بەرنامەی ئاشکراکردنی

**پەڕگەی سیخوڕی:**

Norton internet security
Zone alarm
MacAfee firewall
The Cleaner

وەلەبەناوبانگترین وباشترین بەرنامەکانی خۆپاراستن لەسیخوڕی:

ZoneAlarm
LockDown 2000
Jammer
Internet Alert 99
Tiny Personal Firewall



## ڕێگای دووەم: بەهۆی پەڕگەی تۆمارکردنی یاسای (Registry):

_ کلیکی Sart بکە
_ لەخانەی کارپێکردنا بنووسە(Run) فەرمانی: (regedit)
_ ئەو بەشانەی تر بکەرەوەبەپێی ریزکردنیان لە لیستەی (Registery Editor):
HKEY_LOCAL_MACHINE - Software - Microsoft - Windows - Current Version - Run
_ ئێستا لەپەنجەرەی تۆمارکردنی یاسای (. Registery Edito) وەسەیری لای راستی شاشە دابەشکراوەکەبکە، لە بەشی خوارەوەی لیستەی ناوی ئەو پەڕگانەدەبینیت کە کار دەکا لەگەڵ لیستەی سەرەتای کارپێکردن وە بەرامبەری لەلیستەی (Data) ناونیشانی پەڕگەکانە.
_ بەباشی سەرنجی پەڕگەکان بدە، ئەگەر پەڕگەیەکت بینی بەرامبەرەکەی ناونیشانی (Data) نەبوو وەیان لەبەردەمیدا سەهمێکی بچوک کرابو <.... ئەوە پەڕگەی سیخوڕییەگەر ناوی لە ویندۆسەکەیا نەبوو.

_ بۆ رزگاربوونت لێی بە دوگمەی لای راستی مشکەکەت کلیکی لەسەر بکە پاشان (Delete) ی بکە.

## ڕێگای سێیەم: بەهۆی فەرمانی (msconfig)وە:

_ کلیکيStart بکە
_ لەخانەی کارپێکردنا بنووسە(Run) فەرمانێکی تری:.msconflig
_ پەنجەرەی System Configuration Utility بۆ دەرئەکەوێ.
_ لەم پەنجەرەیەدا بەشی،up Start هەڵبژێرە.
_ شاشەیەکت بۆ دەرئەکەوێ ئەو بەرنامەیەت پیشان ئەدا کەراستەوخۆ لەگەڵ کارپێکردنی ئامێرەکە دائەگیرسی.
_ باش سەرنجی ئەو بەرنامەیە بدەو بیپشکنەئەگەر هەستت بەبوونی بەرنامەی بێگانەکرد کەخۆت هەڵنەسابیت بەدانانی، هەستەبەرەت کردنەوەی ئەو نیشانە دیارەی لەچوارگۆشە بچووکەکەی بەرامبەریایەتی، بەوەش کاری سیخوڕی یان هەر بەرنامەیەکی تری ئارەزوو پێنەکراو دەوەستێنیت.

## ڕێگای چوارەم: بەهۆی کارپێکەری (Dos) وە:

ئەم ڕێگایەپێش دەرکەوتنی ویندۆس بەکارئەهات بۆ دەرخستنی پەڕگەی سیخوڕی و ترۆجان، لەئاسانترینی ڕێگاکانە:
_ لەڕێی (MSDos) وەدۆس بکەرەوەلەلیستەی (Start) دا
_ ئەم فەرمانەش بنووسە:
C:/Windowsdir patch.⋆ e
_ ئەگەر پەڕگەی سیخوریت بینیەوە هەستە بە سرینەوەی بەم ڕێگایە:
⋆.C:Windowsdelete patch

⋆ ئەم بابەتە لە (ماڵپەری زانستپەروەرانی) کورد وەرگیراوە.

## بۆ یەکەمین جار بابلیەکان بیرۆکەی پۆستەیان داهێنا و کاریان پێکرد



دیارە شارستانیەتی بابلیەکان بە دێرینترین شارستانیەتی مرۆڤایەتی دادەنرێت لە سەر ڕووی زەویدا و یەکەمین کەس بوون سیستەمی سەرەتایی گەیاندن و پۆستەیان لە نێوان خۆیان و خەڵکی تر داهێنا .
بابلیەکان بۆ یەکەم جار نامەیان بەکار هێنا بۆ دایەلۆگ و پەیوەندیکردن بە نەتەوە و گەلانی تر و بەکارهێنانی نامە لای ئەوان بۆ چەندین مەبەستی تریش بووە وەکو بازرگانی و جەنگ و ئاڵوگۆڕی زانیاری و هتد ....... نامەکانی ئەو کات قەبارەیان بەقەد نێو لەپی مرۆڤ دەبوو کە هەشت سەنتیمەتر درێژ و یەک سەنتیمەتر پان دەبوو لەسەر تۆپەڵە قور دەنوسران و لەبەر ڕۆژدا وشک دەکرانەوە و دەخرانە نێو زەرفێکی قوڕین و نهێنی نامەکان دەبووایە زۆر بە وردی بپارێزرێن و جگە لە شوێنی مەبەست کەس بۆی نەبوو بیخوێنێتەوە .
بۆ پاراستنی نهێنی نامەکان زەرف یاخود بەرگی نامەکان بە مۆرێکی لوولەیی مۆر دەکران و ژمارەی مۆرەکانیش بەقەد گرنگی نهێنی بابەتی نامەکان بوو کە هەندێک نامە بەرگەکەی چەند مۆرێکی لێدەدرا .
قورسترین سزای کردنەوەی نامەش بۆ هەڵگرانی نامە بوو یا بە مانای ئێستا کارمەندی پۆستەبەر بوو .